هزر



# ناشیرینیی سامناک و ناشیرینیی ترسناک

هاوار محەمەد

ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە
jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

١. کەم ئەفسانەی یۆنانی هەن جوانی و ناشیرینی تێیاندا تێمایەکی سەرەکی نەبێت؛ جوانیی خودایان و پەرییان و مرۆڤەکان، یان بە پێچەوانەوە ناشیرینیی خودایان و تیتانەکان و دێوەکان. لەنێو ئەوانەدا دوو ئەفسانە هەن کە پێم وایە کاریگەری گەورەیان لەنێو فەلسەفە و سەرجەم فیکری ڕۆژئاوادا داناوە: **یەکەمیان** چیرۆکی *سێوەکەی ئەفرۆدێت* و **دووەمیان** *داوەکەی هیفایستۆس*ـە. چیرۆکەکەی ئەفرۆدێت باسی سەرهەڵدانی هەڵبژاردنی شاجوان دەکات کە ڕەنگە یەکەمین هەڵبژاردنی لەو جۆرە بووبێت. بەپێی یەکێک لە ڕیوایەتەکان، *ئێریس*ی خودابانوو بۆ هاوسەرگیری *پێلۆس* و *تێتیس* بانگهێشت ناکرێت، بەم هۆیە هەست بە فەرامۆشی و سووکایەتی دەکات؛ بڕیار دەدات لەپای ئەمە ئاهەنگەکە بشێوێنێت و فیتنەیەک لەنێو مەحشەری خودایاندا هەڵبگیرسێنێت. سێوێکی ئاڵتوونی، کە ڕەنگە لە هەمان داری گوناهی سێوەکەی ئادەمەوە ڕنیبێتی، بە نەخش و نیگارێکی قەشەنگ دەڕازێنێتەوە و ئەم پەیامەی لەسەر دەنووسێت: "بۆ جوانترین". کە دێتە نێو هۆڵە گەورەکەی زیۆسەوە وا بۆ ئاهەنگەکە خودایان و نیمچە خودایان لە دەوری کۆبوونەتەوە، سێوەکە فڕێ دەداتە سەر مێزەکەی زیۆس. ئێستا ئیتر دەبێت ساغ ببێتەوە کە کێ شایەنی سێوەکەیە، واتە نازناوی "جوانترین" هەڵدەگرێت. دوای مشتومڕێکی زۆر بۆ یەکلابوونەوەی شاجوان، کێبەرکێکە لەنێوان سێ خوابانوودا دەمێنێتەوە: هیرا و ئەسینا و ئەفرۆدێت. زیۆس بڕیار دەدات کە پاریسی شازادەی تەڕوادە بکرێت بە قازی و سێوەکە ببەخشێت بە جوانترینیان. خوابانووەکان بۆ ئەوەی کێبەرکێکە ببەنەوە، هەر یەکە و بەڵێنێک بە پاریس دەدات. هیرا بەڵێنی هێز و دەسەڵاتداری، ئەسینا بەڵێنی سامان و فێرکردنی هونەری جەنگ، ئەفرۆدێت بەڵێنی پێدانی جوانترن ژنی زەمینی پێ دەدات کە لەو وەختەدا *هێلین*ی ژنی مینیلاوسە. پاریس خۆی لە پێشنیارەکەی ئەفرۆدێت دێت و سێوەکە بەو دەبەخشێت، ئەویش لە بەرامبەردا هێلینی پێ دەدات و ڕازیی دەکات بیرفێنێت، بەم جۆرە جەنگی نەبڕاوە و بەناوبانگی تەڕوادە هەڵدەگیرسێت.

چیرۆکی دووەمیان خیانەتی جوانی لە ناشیرینی دەگێڕێتەوە. هیفایستۆس خودای ئاگر و ئاسنگەری، کارزانی کەرەستەی جەنگی، هەر لە لەدایکبوونەوە قەمووڕێکی ناشیرین و نابوودە دەبێت، لە عەشقیشیدا بۆ ئاگر و گڕکانەکان پێستی لەشی دەسووتێت و هێندەیتر دەشێوێت، تا ئەوەی لەنێو شانشینە گەردوونییەکەی زیۆسدا بە ناشیرینترن خودا دادەنرێت. بەڵام هیفایستۆسی شادزێو هاوسەری

خوابانووی شاجوان، ئەفرۆدیت، بووە. کەواتە ئاساییە ئەفرۆدیت دڵی لەسەری نەبووبێت؛ لە بری ئەو دڵی بۆ *ئارەسی* خودای جەنگ، برای هیفایستۆس لێی داوە. کاتێک هیفایستۆس بۆی دەردەکەوێت پەیوەندیی سەرجێی لەنێوان ئەفرۆدیت و ئارەسدا هەیە، بڕیار دەدات بیانخاتە تەڵەیەکەوە. بۆ ئەم مەبەستە تۆڕێکی زۆر باریک و نادیار لە میتاڵ دەچنێت و بەسەر سیسەمە هاوبەشەکەیانەوە هەڵیدەواسێت، وەختێک ئارەس و ئەفرۆدیت ڕووت دەبنەوە و دەچنە هەوای خۆیانەوە، تۆڕەکە بەسەریاندا بەردەداتەوە و هەموو خودا و خوابانووەکانیش وەک شاهیدی خیانەتەکە بانگ دەکات و دەشزانێت هەموویان ئاواتیان بەوە خواستووە لە جێی ئارەس لەگەڵ شاجوان بنووستنایە.

دیاریکردنی شاجوانی گریک ڕەنگە ڕیشەی هەڵبژاردنی شاجوانی دنیای ئەمڕۆ بێت، بەڵام ئەمەی دنیای ئێمە لە هەموو ڕەهەندە ئێستاتیکی و هونەرییەکانی دابڕاوە و ڕاستەوخۆ لکاوە بە کەرنەڤاڵ و زڕەبۆنەی بازاڕەوە؛ بە پزیشکی و جوانی دەستکردەوە؛ بە میدیا و تەکنۆلۆژیای بینینەوە. بە لاکەیتردا، ناشیرینی، تابێ زیاتر دەبێزرێت، هەندێ لە توێژەران باس لەوە دەکەن لەمڕۆدا کاریش پەیوەست کراوەتەوە بە "فەیسێکی جوان" یان "لەشولارێکی سێکسی و ڕێک"ـەوە. وەک بڵێی ناشیرینەکان هیچ بەهرەیەکیان لە کار و پیشەدا نەبێت.



*Peter Paul Rubens (1577 - 1640)Das Urteil des Paris (The Judgement of Paris). (1638/1639)Standort:Museo Nacional del Prado*

چیتر تواناکانی هیفایستۆسله بەرامبەر جوانی کیژانی نێو دەزگا و کۆمپانیاکانی سەردەمی نیولیبراڵدا بێ بەها دەنوێنێت. هیفایستۆسی قەموور و دزێو کە ئاسنگەری خوداکانە و سەروەری مەعدەن و میتاڵە هەرە دەگمەنەکانە؛ هیفایستۆسی ئەشکەوتنشینکە قەڵغانەکەی ئەخیل لە ناوازەترین و داهێنەرانەترین دیزایندا، کە هەموو گێتی لەسەری هەڵدەکۆڵێت، دروست دەکات، لە سەدەمی خۆیەوە تاوەکو ئێستا دەبێزرێت. ئەشکەوت ڕەنگە هێمای دوورکەوتنەوە لە ڕووناکی بێت، کە لەمڕۆدا ڕووناکی دنیای دیجیتاڵی و شاشەیە.



*AgnoloBronzino: The Dwarf Morgante, sixteenth century, Florence, Galleria Palatina.*

کەمێک خۆگرتنەوە و خەڵوەت، زۆر تەماشانەکردنی ڕۆشنایی ئەلیکترۆنی و نیشتەجێبوون لە تاریکیدا، بە واتای کەشفکردنی ئاگر و ڕووناکی ترە لەنێو تاریکیدا؛ ئاگرێک کە دەکرێت لە پێناو داهێنانی قەڵغانەکەی ئەخیلدا، بۆ تواندنەوەی پیرۆزترین کانزا و ماتریاڵەکان بە کار بهێنرێت. بەڵام گەر کەسانێک هەبن لەمڕۆدا لە ڕۆشنایی دنیای دیجیتاڵ دوور بکەونەوە، ئەوا ڕەنگە پتر بەو هۆیەوە بێ کە فەیسی ناشیرین (بەگوێرەی پێوەری ئەمڕۆ) کراوە بە شتێکی شەرماوەر. مرۆڤێک کە جوان نییە، شەرم لە ناشیرینییەکەی خۆی دەکات؛ لەم بارەدا، گەر بۆی دەست بدات لە سەنتەرەکاندا شێوەی خۆی دەگۆڕێت، ئەگەرنا لە خەڵوەتی دنیای مەجازیدا دەمێنێتەوە. گەر وابێت، ڕەنگە، بە پێچەوانەی ئەشکەوتنشینی، هێنانەوەی ناشیرینی بەو جۆرەی هەیە بۆ بەر ڕووناکی و بۆ بەردەمی شاشە، ببێتە مایەی شکاندنی شەرمێک کە جوانییەکی ساختە دروستی کردووە.

٢. هەر لە یۆناندا کەسێک هەیە تاڕادەیەکی زۆر لە ڕوخسار و لەشولاریدا دەچێتەوە سەر نەسلی هیفایستۆس و ناشیرنییەکەی دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی مردنەکەیشی؛ ئەم کەسە *سوکراتی فەیلەسوف*ـە. گریکەکان وەک هەندێک لە نەتەوەکانی تر، خۆشییان لە چارەی منداڵی کەم ئەندام نەدەهات؛ بگرە لە سپارتەدا نەریتی لەنێوبردنی منداڵی کەم–ئەندام هەبووە؛ لە سەروو ئەمەیشەوە، گریکەکان لە کولتووری خۆیاندا بایەخێکی زۆریان بە جوانی و کەشخەیی و سووکەڵەیی جەستەیان داوە (بێگومان پێناسەی ئەوان بۆ جوانی جەستە هەمان پێناسەی ئێمە نییە)، بەڵام ئەوان جوانی جەستەیان تەنیا بە مەدلولی پوختی سێکسییەوە نەدەبەستەوە و سێکسیش تەنیا مانای شەهوەت و ئۆرگازم نەبوو. جوانی لەش پەیوەست بوو بە هونەرەکانی جەنگ، جومناستیک، ئەسپسواری، چاکە، هارمۆنیا، جووڵە و بەرگەگرتن یان پتەوییەوە، ئەمانەیش جیاوازن لە هەڵئاوسانی فشۆڵی لەشجوانانی ئەمڕۆ. سوکرات لەنێو ئەم کولتووره جوانپەرستەدا ڕەنگە کەسێکی بێ شانس بووبێت. وەک ***ویل دیۆرانت***یش دەڵێت، ئەو خۆیشی زانیویەتی لەشولارێکی ناقۆڵای هەیە؛ بەڵام ویستوویەتی *لە ڕێگەی سەماوە* هەندێک لە دزێویەکەی خۆی کەم بکاتەوە. ئەو ڕۆژێک لە بەردەم دوکانێکدا دەوەستێت و بەدەم سەیرکردنی کەلوپەلەکانەوە دەڵێت: "**چەندە شتانیکی زۆر هەن کە من پێویستم پێیان نییە**"؛ ئەم وتەیە هەر بە سادەیی خۆیەوە دژ بە سەرجەم کولتووری مەسرەفگەرایی ئەمڕۆ دەوەستێتەوە. گەر بە شێوە تەقلیدییەکە باس لەوەیش نەکەین کە ئەو یەکەمین شەهیدی فەلسەفەیە، ئەوا نموونەیەکە بۆ خۆگرتنەوە و خاکیبوون، بێ ئەوەی بۆ نێو زوهد بکشێتەوە[1]. لەپاڵ ئەوەیشدا ئەم

بوونەوەرە خڕەڵە دەموچاو دەرپۆقیوە، خۆی مەزنترین تیۆری جوانی لە دنیای کۆندا دادەڕێژێت.

***میفایستۆس*** و ***سوکرات***یش هەردووکیان نەختێک خڕیلانە و کورتەباڵا بوون؛ لە زمانی ئێمەدا وەک زیدەڕەوی پتر بە کورتەباڵاکان وتراوە "گول" ئەگەرچی ئەم وشەیە پتر نەخۆشییە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە باڵای مرۆڤەوە نییە. گول سووکایەتییە بەوانە کە باڵایان بەرز نییە؛ خۆ ئەگەر زۆریش کورتەباڵا بن ئیدی ئەوان قەزمە *(dwarf)*ن کە لە زمانی کوردیدا ڕەنگە کوڵەبنە پڕ بە پێست بێت. بەڵام کوڵەبنەکان بەردەوام وەک وەک کەسانی حەسوود، فیتنە، ئاژاوەچی لێیان ڕوانراوە، چونکە گوایە "زۆرزانن"؛ هەر لە منداڵیشەوە پێیان دەوترێت کە بەهۆی زۆرزانیی خۆیانەوەیە گەورە نابن، واتە لەژێر باری قورساییەکدان کە ناهێڵێت گەشە بکەن و باڵایان هەڵکشێت. ئەم وەسفەی کوڵەبنەکان بە تەواوەتییش سوتفە نییە، ئەوان وریاییەکی تایبەتیان هەیە، بەڵام *زۆر-زانین* کە لەوێدا مانایەکی نێگەتیڤی هەیە لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە بە جۆرێک دژ بە خودی زانین بووە. لێرەدا ئەسڵی ئایدیاکە لە نائاگاییدا ئەوەیە کە ئەگەر زانین لە سنووری عەقڵی سەلیم تێپەڕێت، دەبێت بە زۆرزانین و بارگەیەکی نێگەتیڤ وەردەگرێت؛ ئەمە هەمان تۆمەتە کە سوکراتی لەسەر دادگایی دەکرێت. سوکرات، بە پێچەوانەی زۆرزانەوە، هەمیشە وەک کەسێک وەسفی خۆی دەکات کە "نازانێت"، بەڵام زانینی ئەم نەزانینە، خودی زۆرزانییەکەیەتی؛ ئەو زۆر دەزانێت کە نازانێت. لەبەر ئەمەیە سوکراتی خڕیلانەی زۆرزان و فیتنە و فاسدکەر دەبێت بمرێت. وێڕای ئەمە هەڵاواردنەی کورتەبنەکان، باڵابەرزەکانیش لە پرۆسەی دزێوکردن دەرباز نەبوون. ئەو باڵابەرزانەی کە پێیان دەوترێت "درێژ"، بە کەسانی بریک گێلۆکە و دەبەنگ وەسف کراون و کورد وتوویەتی "درێژ عەقڵی لە ئەژنۆیەتی". کۆمەڵگەی ئێمە لە مێژووی خۆیدا پەندی پێشینان و توانجی زۆر و زەبەندی بەرهەم هێناوە، توانایەکی گەورەی ناو و ناتۆرەلێنان و ڕووشکاندنی تێدا کەشف کراوە، کە لە هەر بەکارهێنانێکی تری زمانی کوردی بەرهەمدارتر بووە. ڕیشەی زۆری چەوساندنەوەکان هەر لە منداڵییەکی زووەوە، لە زمانەوە دەست پێ دەکەن، لەو تەریقکردنەوە، سووکایەتی، گاڵتەپێکردنانەوە کە بە زمان بەرامبەر ناشیرینەکان مومارەسە دەکرێن.



*BustofSocrates, (Marmor Römische Kopie nacheinem griechischen Original).*

٣. لە سەردەمێکی تردا ***میفایستۆس***ی قەموور و ناحەز لە ئەدەبیاتدا بە ناوی *کوازیمۆدۆ* لەدایک دەبێتەوە: *قەموورەکەی نۆتردام*. ئەمجارە لە تاریکایی کەنیسەیەکدا نیشتەجێیە و خەریکی زەنگ لێدانە، عاشقی ئیزمیراڵدای قەرەچ دەبێت. *ڤیکتۆر هۆگۆ* بەم جۆرە وەسفی ناشیرینییەکەی کوازیمۆدۆ دەکات: «ڕوخساری خێچ و خوار بوو، بە دەربڕینێکی تر، هەموو کەسایەتییەکەی خێچ و خوار بوو. سەرێکی گەورە بە قژی پڕی پرتەقاڵییەوە، لەنێوان شانەکانیدا کووڕییەک هەبوو کە لایەنەکەی تری خستبوو بە پێشدا، ڕان و سمتەکانی بە شێوەیەکی سەیر شێوا بوون و نووسابوون بە ئەژنۆکانییەوە، ئەگەر لە پێشەوە لێی وردبوویتایەوە، لە دوو داس دەچوو کە لە دەسکەکانیانەوە بە یەک گەیشتبن، دوو لاقی بڵاو، دوو دەستی سامناک و دزێو، لەگەڵ هەموو ئەم شێواوییەدا سەرزیندوویێتییەکی تۆقێنەر و لەشسووکی و بوێرییەکی زۆر لە زاتیدا بوو. ئەو ئاوارتەیەکی سەیر بوو لە ڕێسایەکی نەمر کە [بەپێی ئەم ڕێسایە] هێزێکی وەک جوانی دەرەنجامی هارمۆنییە. [...]. لەوەبوو مرۆڤ پێیوا بێت ئەمە زەبەلاحێکی تێکشکاوە کە پێکەوەنووساویی بەشەکانی لێک ترازاون.»[ii] ئەو وەک دواتر *کۆبانۆلی مامۆستا* دەڵێت: *جوانترین ناشیرینی* بوو کە لە ژیانیدا بینیبێتی. ئەم

بوونەوەرە دزێوە سێ سیفەتی نیچەیی هەیە کە لە ڕاستیدا ناشیرینییەکەی لە ئەزموونی ژیاندا پێیانی دەبەخشێت: وریایی، لەشسووکی، بوێری.
وەها جوانییەکی بێ هارمۆنی لەم ناشیرنییە زۆرەدا بە بەرامبەرکێ دیالەکتیکییەکانی نێوان جوان-ناشیرین، ساغ-سەقەت، ئاسایی-نائاسایی لێک نادرێتەوە. ***ژیل دۆلوز*** دەربارەی ئەوە دواوە کە هەرگیز "نوقسانی" وشەیەکی گونجاو نییە بۆ قسەکردن لەسەر ژیان؛ نە نەقسی توانای نا-خودبەسی منداڵ و نە پرسی گرێی ئۆدیپ، نە نەخۆشی و نە ناشیرینی هیچیان نەقس نین؛ بەڵام هەر بە سادەیی ژیان پڕێتییەکی پێرفێکت نییە؛ لە بنەڕەتەوە ژیان پرسی نوقسانی و پڕی نییە. ژیان پرسی جووڵەیە لەسەر سەتحە ئیمانانسە جیاوازەکان کە بۆشایی بەشێکی هەر یەکێکیان پێکدەهێنێت، بەڵام وەک خۆیشی دەڵێت، دەروونشیکاری بۆشایی لێ بووە بە نەقس. بە بڕوای ***دۆلوز*** ناشیرینی نەقسی جوانی، لاوازی نەقسی قەڵەوی، نەخۆشی نەقسی تەندروستی نین؛ شتەکان لەم دیووە نێگەتیڤەوە مانا وەرناگرن. بۆ نموونە ئەو دەربارەی نەخۆشی وەک ئەزموونێکی داهێنەرانە دواوە. هەروا لەبارەی بەدخۆراکەکانەوە، ئەوانەی ئیشتیهای خواردنیان نییە، دەڵێت کە ئەوان خۆیان دەگرنەوە لە خواردن، چونکە لەشیان دەخەنە پەیوەندیی دیکەوە لەگەڵ خواردندا. لە کەسە باریکەلە و سیسەڵەکاندا جۆرێک قەشەنگی و کەشخەیی هەیە کە قەڵەوبوون ڕەنگە بیشارێتەوە. کچۆڵەیەک کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەی گۆشتخۆرەوە و دەبێتە کێشەی دەروونی بۆی کە پێی دەوترێت "چوارچڵ ئێسقان"، دواجار بە ژەهرێک کە ناوی "دەرمانی قەڵەوی"یە، بێ ویستی خۆی، خۆی دەکوژێت. لە کاتێکدا لە بەشێکی تری دنیا، قەڵەوی یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان؛ قەڵەوەکان جگە لەوەی لەمێژە وەک کەسانی تەمبەڵ و تەوەزل، وەک تێرنەخۆرە و مشەخۆر سەیر دەکرێن، هاوکات وەک کەسانێکی ناقۆڵا دەبینرێن کە لەشولاریان لەگەڵ پۆشاکدا ڕێک نایەتەوە. لە ڕووی سێکسیشەوە قەڵەوەکان لەمرۆدا زۆر خوازراو نین. لەبەر ئەمە ملیۆنان دۆلار بە نەشتەگەری، دەرمان، ئامێری وەرزشی کە مژدەی دابەزاندنی کێش دەدەن، بەدەست دەخرێت. لە سەردەمی ئێستادا گرێی دەروونی ڕەنگە چیتر پەیوەست نەبێت بە ڕابردووە ئۆدیپییەکانەوە؛ پتر ڕۆژ بە ڕۆژ و بەگوێرەی خواست و مۆدە و بازاڕ بەرهەم دەهێنرێت.

٤. لە زەینی گشتیی مرۆڤدا تێپەڕینی تەمەنی جوانی واتە دەستپێکردنی تەمەنی ناشیرینی، کە هەم ناشیرینی و هەمیش کەمبوونەوەی توانا و تێکچوونی بونیادی لەشیشە. لەم حوکمەی ژیاندایە کە کوڕانی قۆز و کەشخە دەبن بە *پیرەمێردی چڵکن* و کچانی ناسکۆڵە دەبن بە *پیرێژنی چڵمن*. لە کولتووری خۆرئاوایی و

خۆرهەڵاتیشدا، پیرێژنەکان بەهۆی حەسوودی و بەخیلییانەوە بەرامبەر کیژوکاڵان لەگەڵ جیهانی سیحر و جادوو تێکەڵ دەبن؛ لە نەریتی ئێمەدا باس لە "چاوپیسی" دەکرێت وەک هێزێک کە لە حەسوودییەوە سەرچاوە دەگرێت و دەتوانێت کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر ژیانی ئەوانیتر دابنێت. ***ئەمبێرتۆ ئیکۆ*** لە *دەربارەی ناشیرینی*دا باس لەوە دەکات لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خولیایەکی دژە-ئەفرۆدیت، یان دژە-بیاتریس سەری هەڵدا بۆ تێکشکاندنی وێنەی فریشتەیی و قەشەنگی ڕەگەزی مێینە، لەم پێناوەدا چیرۆکگەلی سەیروسەمەرەی زۆروزەبەندی ژنانی دزێو و جادووگەری وەک ئەوانەی ئەمڕۆ لە فیلمەکاندا دەیبینین هەڵبەسترا: «ئەم وێنە هەڵبەستراوەی پیرێژنان لە چەندین تێکستدا دەرکەوتەوە [...] کە تێیاندا وێنەیەکی قێزەونی بۆرۆیە پیر و نابودەکان (سەر ڕووتاوە، ڕوخسار زیپکاوی، دوو چاوی داچەکاوی خوێناو تێزاو، هەناسەی ناخۆش، چڵمن) دەبینینەوە.»[iii] ئەم جۆرە وێنەیەی پیرێژن، لەژێر کاریگەریی کولتووری مەسیحیەتدا دەبێتە وێنەی جادووگەر، چونکە بڕوا وایە تەنیا ژن دەتوانێت هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بەرقەرار بکات[iv]. ئەم وێنەیە لە چیرۆکی میللی و ئەدەبیات و شانۆنامە و نیگارکێشانی ئەو سەردەمە و دواتردا دەردەکەوێتەوە، وەکو لە *فاوستی* گۆتە و *ماکبێسی* شکسپیردا.




*La Vieille de Giorgione, Old woman, Accademia, Venise 1506-1507*

لە یەکەم نیگادا وا پێدەچێت ئەم وێنە نێگەتیڤە دەربارەی پیرێژنان، لە خودی ترس لە پیرییەوە سەرچاوەی گرتبێت؛ بەڵام زۆرتر ڕێی تێدەچێ کاردانەوە بێت بە ڕووی ئەو توانایانەدا کە مرۆڤ لە پیریدا بەدەستیان دەهێنێت. وەک دۆلوز دەڵێت پیری تەمەنی پاسیڤبوون نییە، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت هەندێک توانستی تێدا کەشف بکات کە تەنیا لە پیریدا هەستیان پێ دەکات، وەک چۆن هەندێک توانا هەن تەنیا لە گەنجیدا مرۆڤ دەتوانێت هەیبێت. وێڕای ئەوەیش ئێمە هەرگیز حەز بە پیربوون ناکەین و وەک یەکێک لە کێشە هەرە کۆنە چارەهەڵنەگرەکانمان دەمێنێتەوە؛ بەڵام هیچ سەردەمێک هێندەی ئێستا بانگەشەی *دواخستنی پیری* نەکراوە. گۆڕانەکانی ڕوخسار و جەستە بە تێپەڕبوونی کات بە واتای بەسەرچوونی تەمەنی گەنجییە کە لە زمانی ڕۆژانەی ئێمەدا بەردەوام لەگەڵ جوانیدا دەری دەبڕین[گەنجی و جوانی]؛ بگرە لە هەندێ ناوچە بە گەنج هەر دەوترێت "جەوان". درێژکردنەوەی گەنجێتی (واتە خاوکردنەوەی تێپەڕینی تەمەن بەرەو پیری) کەڵکەڵەی سەرەکیی زانست و بازاڕە لە جیهانی خێرای ئەمڕۆدا. لەبەر ئەمە شاکارەکەی ***ئۆسکار وایلد*** *وێنەکەی دۆریان گرەی* کتومت ڕۆمانێکە دەربارەی کۆمەڵگەکانی ئێستامان. لە ڕۆمانەکەدا دۆریان گرەی کە بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی وێنەکەوە هەست بە جوانیی گەنجانە و سەرسوڕهێنەری خۆی دەکات، دەستبەجێ حەسرەتێک دایدەگرێت، کە دواتر چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە: «خۆزگە وێنەکە دەگۆڕا و من بە گەنجی دەمامەوە»[٧]؛ ئەو ئاواتی ئەوە دەخوازێت کە خۆی بەو جوانییەی نێو وێنەکە بە نەمری بمێنێتەوە و فیگوری نێو وێنەکە لە بری ئەو پیر ببێت. هەر وا دەبێت؛ دواجار گرەی لە ژیانێکی هەمیشەییدا تابێ جوانتر دەبێتەوە و وێنەکەیش بەرە بەرە پیر دەبێت، بەڵام نەک پیربوونێکی ئاسایی، بەڵکو داڕزان و بۆگەنبوون کە کرم و مۆرانە تێی دەدەن؛ چونکە ئەوەی چۆتە نێو وێنەکەوە ناخ و ویژدانی گرەی خۆیەتی. بە بڕوای وایلد نەمری و گەنجییەک کە مرۆڤ مەغرور بکەن، کە فێری لووتبەرزی بکەن، بیخەنە نێو بێباکی و بێمۆراڵییەوە، بێگومان ویژدان و ناوەوەی تووشی ڕەشهەڵگەڕان و کرمەڕێزبوون دەکەن.

دەبێ بیرمان بێت کە چەمکی وێنە لە ڕۆمانەکەی وایڵددا جیاوازە لە وەزیفەی وێنەی دیجیتاڵی لەمڕۆدا. وێنەکەی گرەی خۆشەویستترین هاوڕێی، بازیل هاڵواردی نیگارکێش، بەوپەڕی سەلیقە و توانای سەروو-سروشتی خۆیەوە، کە عەشقە زۆرەکەی بۆ گرەی ئیلهامی پێ دەدات، دەیکێشێت و نەک تەنیا دەتوانێت

"ڕۆح" بە وێنەکە ببەخشێت، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو وێنەی خودی ڕۆحی گرەی دەکێشێت. یەک دانە وێنەی تاقانە و ناوازە، بەبێ لەبەرگرتنەوە و دووبارەبوونەوە، یەک وێنە کە مۆدێلەکە نا، بەڵکو خودی ئایدیاڵی مۆدێلەکەی لە وردترین و باڵاترین نیگاری ئەو سەردەمەدا وێنا دەکات، ئەوە یەکەمجارە هونەرمەند (وەک خودا) بتوانێت ڕۆحی مرۆڤ ببینێت و بیکێشێت[vi]. ئێستا ئیدی دوای تێپەڕینی ساڵانیش گرەی لە هەر کات جوانترە، بەڵام ئەوە ڕۆحیەتی بە بەرچاوییەوە دادەڕزێت و مێروو دەیخوات. لەمڕۆدا وێنەی دیجیتاڵی، کە بێ شومار دەشێت بگیرێت و بسڕێتەوە، دەستکاری بکرێت و بێ شومار فیلتەری لەسەر دابنرێت، هیچ بەشێکی ناخی مرۆڤی لەسەر دەرناکەوێتەوە؛ ڕێک بە پێچەوانەوە، گەنجی لە ڕێگەی وێنەکانەوە دەسەلمێنرێت؛ خودە ڕاستەقینەکە لە خودە فەیکەکەوە شوناسی خۆی وەردەگرێت.

٥. ئێمە لەم وتارەدا نەمانویستووە پێناسەیەک بۆ ناشیرینی بکەین، بێگومان یەک پێناسەیش بۆ ئەم چەمکە لە ئارادا نییە و ڕەگەزی هەمەجۆری فیزیکی و کولتووری و ئایینی و ئایدیۆلۆژی ڕۆڵی تیدا دەگێڕن. ئەوەی کە ڕەشپێست وەک کەسانی ناشیرین، وەک غول تەماشا بکرێن، هەستێکی سروشتی مرۆڤ نییە، بەڵکو لە ڕوانینێکی کولتووری و پاشان لە پرۆسەیەکی ڕاسیستیی بە مۆنستەرکردندا ڕەشپێست دەکرێت بە فیگورێکی دزێو؛ سارتجی بارتمان، کە بە ڤینۆسی ڕەش ناسراوە، نموونەیەکی بە مۆنستەرکردنی ڕەشپێستە لە زەینی خەڵکییەوە تا نێو لابووری زانستی. قەزەمەکان گەرچی وا دەردەکەون لە باڵای مرۆڤی ئاسایی کورتترن، بەڵام هەڵاواردنیان و وەسفکردنیان بە تێرمگەلی نێگەتیڤی وەک کەسایەتیی گرنگن و بچووک و فیتنە هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە و پتر وەڵامێکی کولتوورییە بۆ لادان لە ڕەوتی ئۆرگانیزمی فیزیکی، کە ڕەنگە ئەم وەڵامە خۆی لە ترسەوە سەرچاوەی گرتبێت؛ وەڵامێکی کولتووری کە سیاسی دەبێتەوە و لە سەردەمێکدا لەنێوبردنی کورتەبنە و سەقەتەکان وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی سەیر دەکرێت. لە کولتوورێکدا کە هەمووان لە دیوەخانەوە سمێڵ و لە سوونەتێکی ئایینیشەوە ڕیش (بەبێ ڕێکخستن و جونکارییەکی ئاسایی) بهێڵنەوە، ئەوانەی نایەنەوێت موو بە ڕوخسارییانەوە بێت، بە لووسکەلە و دەمڕووت دادەنرێن.



*Felix Philippotaux 1815-1884, Verbrennung der Hexen und Ketzer durch Aufheben und Niedersenken in dasFeuer zu Paris, Museum Berlin.*

وەختێک نازیزم ماشێنی بەرهەمهێنانی ناشیرینی لە مرۆڤی جوودا دەخاتە گەڕ، گەرچی ئەمە ڕابردوویەکی کۆنی لە کولتوورە جیاوازەکاندا هەیە، ئەوا شێواندنێکی مێژووییە کە ئارەزووی فاشیستی، بەگوێرەی وێنای خۆی بۆ بڵندیی مرۆڤی ئەڵمانی-ئاریایی، بەرهەمی دەهێنێت. ئاخۆ ئەم نەفرەتە لەوانەی کە ناشیرین و دزێوی سەردەم و شوێنە جیاوازەکانن، جۆرێک سامناکیی نییە لەواندا کە ڕەنگە ببێتە مایەی هەستی "شکۆ" نەک حوکمی ئێستاتیکی، بە واتا کانتییەکەی ئەم دوو چەمکە؟ بۆچی پیرێژنانی جادووگەر سامناکن؟ ئەوان بەهۆی توانا جادووییەکەیانەوەیە سامناکن، یان بە پێچەوانەوە، جاودووەکەیان تەنیا ئیزافەیەکی فانتازییە بۆ سەر ناشیرینییە شکۆدارەکەیان؟ ناشیرینی بە واتا بەرتەسکەکەی، واتە ناشیرینیی ڕوخسار و لەشولاری فیزیکی و هاوکات فەرهەنگی ڕەنگە لە سامناکی خاڵی نەبێت، بەڵام سامناکی بە واتای ئەوە نییە

بوونێکی مەترسیداری هەیە؛ بە پێچەوانەوە کەسی ناشیرین بەردەوام لە مەترسیی بچووک و گەورەدا ژیاوە، هەر لە تەریقکردنەوەوە تاوەکو لەنێوبردن.

جوانی و ناشیرینی مرۆڤ لە هەر کولتوورێکدا جیاوازییەکی ڕێژەیی هەیە؛ جا تا ئەو کاتەی ئەم جیاوازییە ناکرێت بە بنەمای هەڵاواردنی فاشیستی و، ئارەزووە فاشیستییەکان خۆراکی خۆیانی پێ وەرناگرن، لە جیاوازیی کولتووری و سەلیقە و حوکمی کولتووری تێناپەڕێت؛ بەڵام وەختێک ناشیرینی وەک جیاوازییەکی سامناک بۆ بەرهەمهێنانی ناشیرینی بخرێتە گەڕ، ئەوا ڕاسیزم و فاشیزم ڕەنگە بیگۆڕن بۆ "ژیانی ڕووت"، بە چەمکە ئاگامبێنییەکەی، کە ژیانێکە شایەنی کوشتنە بەبێ ئەوەی بکوژەکەی بە تاوانبار دابنرێت؛ ئەمە بە واتای قڕکردن و لەنێوبردنی بەکۆمەڵیشە کە لە ڕابردووی دوور و نزیکدا کارەساتەکانیمان بینیووە.




*Sartjee(the Hottentot Venus) London published as the Act directs Sept. 18. 1810. by Hendrik Cezar*

بۆ نموونە بە کۆیلەکردنی دوورودرێژی ڕەشپێستەکان؛ لەنێوبردنی دانیشتوانە نەیتڤەکەی (زاگەیی) دوو ئەمریکاکە لەدوای گەیشتنی ڕەوی کۆڵەمبس؛ لەنێوبردنی بە کۆمەڵی جادووگەران لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. ئەمەی کۆتاییان کە پەیوەستە بە وێنای پیرێژنانەوە وەک جادووگەر، لەوانەی لە فیلمەکاندا بەسەر گسکە فڕیووەکانەوە دەیانبینین، یانیش ئەوە پیرێژنەی سێوەکە دەدات بە کچە بەفرینەی لای حەوت قەزەمەکە کە بە داخەوە ماچی ئەوان ناتوانێت جادووەکە بەتاڵ بکاتەوە. بەگوێرەی هەندێ گێڕانەوەی مێژووی ئەڵمانیا، لە سەدەی شانزەوە دوای زنجیرەیەک ڕاوەدوونان، جادووگەران لە چیای بڕۆکن، کە لەنێو خەڵکدا بە Blocksbergناسراوە (*Berg*لە زمانی ئەڵمانیدا واتە چیا یان گرد) لە ویلایەتی زاکسن ئەنهالتی ئەڵمانیا کۆدەبنەوە، لە دەورووبەری سەدەی حەڤدەدا و سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرنەدا، لەنێوبردنی جادووگەران دەگات بە دوا ڕادەی خۆی و لەو هەڵمەتەدا، تەنیا لە ئەڵمانیا، نزیکە ٤٠ هەزار جادووگەر دەسووتێنرێن یاخود بە جۆری جیاواز لەنێو دەبرێن؛ ئەم هەڵمەتە بە ڕاوەدوونان جادووگەران*Hexenverfolgungen* (یان سەرکوتی جاووگەران) ناسراوە. لەنێوبردنی جووەکان لە سەدەی بیستدا تەنیا دوای ئەوە هات کە ماشێنی زەبەلاحی دەوڵەتی مۆدێرن، لە ئاستێکی بەرزتر و فەرمیدا، مەیلە دژە سامییەکانی لە ئارەزووی بەرهەمهێنانی پیسی و چەپەڵی لەویتری جوودا بەرهەم هێنایەوە. کوردەکانیش بە هەمان شێوە، هەر لە مەسعودییەوە تا ئۆردوگان بە پرۆسەی بە جنۆکەکردن و بە کێویکردندا براون، تەنیا بەو جۆرەیش بوو کە جینۆسایدیان لە قڕکردنی هەر میللەتێک ئاسانتر بوو.

٦. ناشیرینی جیاوازە لە ناشیرینکردن. ئەمەی دووەمیان پرۆسەی شێواندنە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، بۆ نموونە شێواندنی ڕوخساری کەسێک. ناشیرینکردن ئەوی تر لە ڕێگەی شێواندن و هەڵبەستن و داغکردن و مۆرلێدانییەوە دزێو دەکات، دەیکات بە دەعبا و دەعەجان، بەم واتایە دژ بە هەر بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیشە بەرامبەر ئەوی تر، کە تێزی سەرەکی ***ئیمانوێل لێڤیناس***ە. هەموو تیۆری ئەخلاقیی لێڤیناس دژ بە فاشیزم و نازیزم نووسراوە، چونکە ئەم دووانە ماشێنی بەرهەمهێنانی ناشیرینی بوون لەوی تردا، ماشێنی شێواندنی ڕوخسار و بزاوتی پشتکردنە ڕوخسار بوون. ئارەزووە فاشیستییەکان خۆیان بە دوو جۆر ناشیرینی بەرهەم دەهێنن: *یەکەمیان* دۆزینەوەی ناشیرینی لەوی تردا بەگوێرەی وێنەی باوی سەردەست، یان بەگوێرەی ئەدگاری زۆرینەی نەتەوەیەک لە وڵاتێکی دیاریکراودا؛ بۆ نموونە برەودان بە وێنەی مرۆڤی ڕەشپێست و ئەسمەر و قژڕەش

وەک بوونەوەری دزێو، لە بەرانبەر وێنەی مرۆڤی چاوشین و قژزەرددا وەک ڕوخساری قەشەنگ و دڵڕفێن. لەبەر ئەمەیە کە لە کولتووری مەسیحیدا عیسا هەرگیز وەک کەسێکی عیبرانی-ڕۆژهەڵاتی وێنا نەکراوە، بەڵکو کراوە بە پەیامبەرێکی ئەورووپییەکی چاوشین و قژزەرد. یان وێنەی ئیمامی عەلی لای شیعەکان کە شێوەیەکی خەیاڵیی شازادەیەکی ئێرانیی پێدراوە بەو جۆرەی لە نەریتی وێنەکێشانی کۆنی فارسیدا هەیە. *دووەمیان* گەشەدان بە ناشیرینی لە ژیاندا، هێنانی دزێوی و قێزەونی بۆ نێو دونیا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی ناشیرینیی یەکەمەوە. بە دەربڕینێکی تر، وەختێک لە ڕێگەی خۆ-جوانکردنەوە ناشیرینی لەوی تردا بەرهەم دەهێنرێت، ئەوا کوشتنیشی وەک مومارەسەی ناشیرینییەکی مەعنەوی، وەک خراپەیەکی ڕیشەیی برەو دەستێنێت و ڕەنگە بەشی زۆری دنیایش بخاتە نێو تاریکایی خۆیەوە. بەڵام ئەم دوو پرۆسە دوولایەنە تاکە شتێکە کە دەکرێت سوبێکتێکی مرۆیی یان نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ناشیرین بکات. نازیزم هەر چۆن ئەدگار و وێنەی خۆی جوان بکات، هێشتا ناشیرینە، چونکە خۆی تەنیا ناشیرینی لێ دەوەشێتەوە. تیرۆریستەکان هەرگیز جوان نین، ئەگەرچی وەک تاک زۆر قۆز و سەرنجڕاکێشیش بن، چونکە تەنیا دەتوانن ناشیرینی، چڵکنی، تاریکی، زەلیلی و تووندوتیژی بەرهەم بهێنن. شاجوانێک یان خانمە مۆدێلێک، تەنانەت ئەگەر وەک پەری خۆیشی با بدات، وەختێک تەنیا گەمژەیی پەخش بکاتەوە، ئەوا مرۆڤ بە بینینی پتر ڕەنگە تووشی هێڵنج ببێت. ئەم قێزەونییە جیاوازە لەوەی فاشیزم وەک قێزەون دەیناسێنێت. ئەوانەی بە ناشیرین وەسف دەکرێن، تەنیا بەهۆی ئەم وەسفەوە ناشیرین نابن، وەختێک هیچ ناشیرینییەک بۆ دنیا زیاد نەکەن، وەختێک جەللاد، تیرۆریست، نازی، چەوسێنەر نەبن. تەنانەت ئەگەر بە لای هەندێکمانەوە ڕوخساریان ئارامبەخش و شیرینیش نەبێت، ئەوا هیچ زیانێکی مەعنەوی بە ئێمە ناگەیەنن، هیچ دزێوییەک کە وەک پەڵەیەک بلکێ بە ڕووی ژیانەوە بڵاو ناکەنەوە. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە لە تیاژیان و پێکەوەبووندا زۆر جوانی مەعنەوی و تاقانە لەگەڵیاندا ئەزموون بکرێت. ئەمە پێچەوانەی ئەو ناشیرینییە وا تیرۆریستێک هەیەتی. ناشیرینیی تیرۆریزم، فاشیزم، بەعشیزم سامناک نییە، بەڵکو ترسناکە، سەدام حسێن کەسێکی کەشخە و قۆز بوو، بەڵام لووتبەرزێکی خۆپەرست و غولێکی ترسناک بوو. ئەم جۆرە ناشیرنییە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوانی تر و هەندێجاریش بۆ سەر ژیان لە ڕێگەی نابوودکردنی خودی ژیانەوە. قێزهاتنەوە لەم ناشیرینییە فاشیزم نییە، بەڵکو خۆی دژە فاشیزمە؛ واتە پێچەوانەی ناشیرینییەکە کە فاشیزم بەرهەمی دەهێنێت. ناشیرینی ڕاسیستێک، ناشیرینی ئەورووپییەکی کۆلۆنیالیست، ناشیرینی سەلەفییەک یان بانگخوازێکی تاریکخواز لەویدا مایەی دزێواندن و بێزهاتنەوە، بەرەنگاری و ڕەتکردنەوەن کە خۆیان بەرهەمهێنەری فاشیستانەی ناشیرینی

لەوی تردان، خەریکی دۆزینەوەی ناحەزیی ڕواڵەتیین بەگوێرەی وێنەی ئایدیاڵی و پیوانەیی خۆیان بۆ جوانی. هاوکات ئەوان برەوپێدەری نابوودیین لە ژیاندا لەسەر بنەمای ئەو بەرهەمهێنانەی ناشیرینی یەکەم. ئەمەیش وا دەکات ئەو جوانییەی کە خۆیان دەربارەی خۆیان بەرهەمیانهێناوە، ئەو قەشەنگییەی وا بە خۆیانەوە لکاندوویانەوە، بە تەواوەتی دزێو و قێزەون بێت. لە ڕاستیدا مرۆڤ شێوەی هەرچۆن بێت، پێویستی بەم خۆ-جوانکردن و ئەوی تر-دزێواندنە نییە تاوەکو جوان دەربکەوێت، هەر هێندەی ناشیرینی، دزێوی، تاریکی بە دنیا نەبەخشێت ئیدی دەشێت بە شێوەیەکی ئاسایی جوان و لەبەردڵان بێت.


*Donald Trump is the Ultimate Ugly American, Fair Observer, Oct 09. 2016*

---

پەراوێزەکان:

[i] ویل دیورانت، قصة الحضارة، حیاة الیونان، الجزء الثاني من المجلد الثاني، ترجمة: محمد بدران، دار الجيل، بیروت-تونس، د.س، ص٢٢٥-٢٢٦.

[ii] فیکتور هیجو، الاحدب نوتردام، ترجمة: رمضان لاوند، المرکز الثقافي العربي، دار الکتب للملایین، بیروت: ٢٠٠٧، ص٤٧.

[iii] Amberto Ecco,On Ugliness, Translatedby Alastair McEwen, Published by Harvill Secker, London, 2007, P. 163

[iv] Ibid, P.203.

[v] Oscar Wilde: The Picture of Dorian Gray, Edited by James Gifford, Published by McPherson Library, Special Collections University of Victoria, Canada, 2011, P.24.

[vi] Ibid., P.113, 115.